Irshad
Manji.com

PROJECT IJTIHAD

# ئیمام "خەلیل محەمەد " داکۆکی لە هاوسەری نێوان ئاینە جیاوازەکان دەکا

<u>تێبینی:-</u>

((ئەگەرچی ئەم داکۆکیەی ئیمام خەلیل پشتی بەستووە بە نمونەی شوکردنی ئافرەتێکی موسڵمان بە پیاوێکی مەسیحی ،بەڵام ئەم داکۆکی و بۆچونەی ئەو تەنیا لە شوکردن بە پیاوی مەسیحیدا کورت نابێتەوە،بەڵکو داکۆکی کردنە لە هەر شوکردنێکی ئافرەتی موسڵمان بە پیاوی ناموسڵمانی ئاینە جیاوزەکان ))

ئەو ئایەتەی کە زانایانی ئاینی پشتی پێ دەبەستن بۆ حەرام کردنی هاوسەرگیری لە نێوان ئاینە جیاوازەکان ،ئەو ئایەتەیە کە خودای گەورە دەفەرموێ :-
((اليوم أُحل لكم الطيبات وطعام الذين أُتوا الكتاب حلٌّ لكم وطعامكم حلٌّ لهم والمحصنات من المؤمنين والمحصنات من الذين أُتوا الكتاب من قبلكم إذا أتيتموهن أُجورَهُن محصنين غير مسافحين ولا متخذي أخذانٍ ومن يكفر بالايمان فقد حبط عمله وهو في الآخرة من الخاسرين))- (سورة المائدة ، 4)

پیرە کۆنخوازەکان ئەم تێگەیشتنە بە یەک بار لێک دەدەنەوە ،گوایە ناوهێنانی ئافرەتی موسڵمان لەم ئایەتەو ناو نەهێنانی پیاوان بەو مانایەیە کە شوکردنی ئافرەتی موسڵمان بە پیاوی سەر با ئاینێکی تر حەرامە.

بەڵام ئەمەکێشەیەکی‌ناکۆکە،چونکەقورئان،ڕووی دەمو قسەکردنی بۆ پیاوانە،لەبەرئەوەی ئاکارو خوڕەوشتە کۆمەڵایەتیەکانی ئەو سەردەمەی کۆمەڵگەی دوورگەی عەرەبی لەبەرچاو گرتووە.هەر لەبەر ئەم هۆیەشە بۆنموونە کەدەڵێ:-
وإذا طلَّقتُم النساء فبَلَغْنَ أجَلَهُنَّ فامسكوهنَّ بمعروف...." (سورة البقرة ، 231) أو "أُحل لكم ليلةَ الصيامِ الرَّفَثُ الى نسائكم هُنَّ لباس لكم وأنتم لباس لهنَّ....." (سورة البقرة ، 187).

مەبەستم چیەلەباس کردنی ئاکارە کۆمەڵایەتیەکانی باوی ئەو سەردەمەی دورگەی عەرەبی ؟ لە پەیوەندیە خێلەکیەکانی ئەو سەردەمە،ژن دوای شوکردن پیاوی بە سەروەرو گەورەی خۆی قبوڵ دەکردو پابەندی دەبوو،پیاویش بە هەمان شێوە بۆ چونە نێو دینەوە بە دوای سەرۆکی خێڵدا دەچوو.

لەبەرامبەر ئەم ڕاستیانە ،زانایانی ئاینی ئیسلامی بەرەو ڕووی چەندین کێشەبونەوە ،ئەو کێشانەی کە فشاری خستە سەریان کە شوکردنی ئافرەتی موسڵمان بە پیاوی سەربەئاینی تر حەرام بکەن.یەکێک لەو کێشانەی تری بەردەمی زانایانی ئاینی بەرەو ڕووی بونەوە ،ئەوەیە کە موریدانی هەردوو ئاینە تەوحیدیەکەیتر (یەهودی-مەسیحی) ڕێز لە پێغەمبەری ئیسلام ناگرن وەکو ئەو ڕێزەی کە موسڵمانان بەرامبەر بە پێغەمبەری ئاینەکانیتر نیشانی دەدەن.ئەم هەڵویستە ئافرەتی موسڵمان دەخاتە نێو تەنگەژەیکی ترسناکەوە،لەئەنجامی ئەو تێروانینەی کە موریدانی ئاینەکانی تر لە بەرامبەر پێغەمبەری ئیسلام نیشانی دەدەن.کێشەیەکی تر ئەوەیە کە مەسیحیەکان لەو پروایەن کە مەسیح خودایە ، ئەمە لەلای موسڵمانەکان واتە بەخشینی سیفەتی خوایەتی بە مرۆڤ جێ ی بیرکرنەوەو قبوڵ نیە،لە پاڵ ئەمانەشدا کێشەی ئەو منااڵانەی کە لە شوکردنێکی لەو بابەتە لە دایک دەبن و کاتێ گەورە دەبن دەچنەوەو سەر دینی باوکیان نەک دینی دایکیان.بەڵام لە بیرتان بێ ئەم بەربەست و کێشانە هەمووی وا فەرز دەکا ئافرەت ناچارە بچێتە سەر دینی مێردە ناموسڵمانەکەی ، بەڵام دیارە لە پەیوەندیەکەی ئێوەدا بەم شێوەیە نیە،چونکە ئێوە لە شوێنێکی تر و لە زەمانێکی تردا دەژین.

ڕاستیەکەی زۆربەی موسڵمانەکان دەڵێن قورئان بۆ هەموو سەردەم و شوێنێک دەست دەدا،ئەگەر گوێرایەلی ئەم لۆژیکە بین،دەبێ دان بەوە بنێین کە قورئان هێشتا هاوسۆزی نیشان دەدا بۆ ئەو ئومێدی شوکردنەت بەپیاوێکی ناموسڵمان.چونکە قورئان وەکو خەتا سەیری مەسیح بوونی پیاوەکە ناکا،هەرچەندە مەسیحی وا هەن لەوباوەڕەن کە مەسیح خودایە،بەڵام شەریعەتی ئیسلام ئەمە بە" کوفر" ناو دەبا نەک بە"شەریک"پەیدا کردن بۆ

خودا،ئەمەش جیاوازیەکی زۆر گەورەیە،چونکە قورئان لە ئایەتێکی تردا دەڵێ دەرگای بەهەشت بۆ هەموو مەسیحیەکی بێ گۆناح و چاک کراوەیە.بۆچۆنە مەزهەبیەجیاوازیەکانی نێو مەسیحیەتیش بیروباوەڕی هاوبەشی هەموو پیاوان وژنانی مەسیحیە.کەواتە چۆن قورئان ئەتوانێ کێشەی هێنانی ژنێکی مەسیحی لەلایەن پیاوی موسلمانەوە چارەسەر بکا ،بەڵام ناتوانێ کێشەی شووکردنی ئافرەتێکی موسڵمان بە پیاوێکی مەسیحی چارەسەر بکا ،لە کاتێکدا کە هەردوکیان واتە پیاو یا ژنی مەسیحی سەر بە هەمان دینن .
دەلیلەکان وا نیشان دەدەن کە گرفتی سەرەکی ئەوەیە کە لەسەرەوە باسم کرد،گرفتەکە ئەوەیە کە ئاینی پیاو دەبێتە ئاینی سەروەر هەروەک چۆن'کتێبی ڕۆڤ لە تەوراتداباسی دەکا".لەسەردەمی ئەمڕۆماندا هەردەبێ ئیسلامی قورئان (بە پێچەوانەی ئیسلامی فیقهو موفەسیرەکان)دان بەم بۆچوونە پێشڕەوە دابنێ کە ژن و پیاو یەکسان بن لە مافەکاندا ،کە لەو مافانەشدا دانانی چەند مەرجێک لە هاوسەرگیریدا (ئەوەی کە من و ئێوە بە عیسمەت -پابەند –بوون ناوی دەبەین) واتە دەشێ شووکردن لە نێوان ئاینە جیاوازەکان مەیسەر بێ ،بێ ئەوەی هیچ کامیان(مێرد-ژن)فشار بخەنە سەر یەکتر بۆ گۆڕینی ئاینی یەکتر،ئەگەر ئەم مەرجە رێزێ لێ بگیرێ برۆن بە بەرەکەتی خواوە هاوسەرگیریەکەتان بکەن.
لە سەر ئەم مناڵانەی لەم ژن و مێردایەتیە دروست دەبێ بێ گومان ناڕۆشنی دروست دەبێ ، بەڵام بەو سیفەتەی کە من پیاوێکی ئاینیم دەتوانم پیتان بڵێم کە قورئان ئامۆژگاری دەکا بۆ بەکارهێنانی عەقڵ ودڵ بۆ پەروەردەکردن و پێگەیاندنی بیروباوەڕ،دڵسۆزی ژن و مێردەکەش بۆ شیکردنەوەی ئیرادەی خودا زەمانەتی راست و دروستی ئەو بڕیارە دەکا کە مناڵەکان لە سەردەمی باڵغ بوونیاندا هەڵیدەبژێرن.

جێگای خۆشحاڵیم دەبێ ،مارەیەکەتان بۆ ببڕم ،دەتوانن پەیوەندەم پێوە بکەن لە ڕێگەی
www.forpeoplewhothink.org

دکتۆر خەلیل محەمەد خوێندنی زانستەکانی شەریعەی لە مزگەوتی محەمەد بن سعود لە ڕیاز ،حەوزەی زەینەبیەلە دیمەشق تەواو کردوە.هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرایە کە لە زانکۆی ماکگل وەری گرتووە.